سەرانی یەکێتی ئەورۆپا بە دوای کرێکاری شارەزا دەگەڕێن!



رۆژی ٥ شەممەی رابردوو، ١٦-١٠-٢٠٠٨ سەرکردەی وڵاتانی ئەورۆپا لە کۆبوونەوەیەکدا کە لە بروکسلی پێتەختی بەلجیکادا بەڕێوەچوو، جەختیان لەسەر ڕێگرتن لە کۆچی پەنابەران کردەوەو بەرنامەیان بۆ پەیداکردنی کرێکاری شارەزا دانا.

نیکۆلای سارکۆزی سەرکۆماری فەرەنسا کە سەرۆکایەتی لوتکەی یەکێتی ئەورۆپای لە بروکسل دەکرد، بە رۆژنامەوانانی ڕاگەیاند کە ئەم بڕیارە بەکۆی دەنگ وەرگیراوە، ئێستا ئەورۆپا سیاسەتی کۆچی راستینی هەیە، ئەم ڕێککەوتنەش وڵاتانی ئەورۆپا سەبارەت بە کۆچ و پەنابەربردن یەکدەخات، پەیماننامەکە کرۆکی سیاسی هەیە، بەڵام یاسایێکی بەزۆرەکی نیە، پرنسیپەکانی بەڕێوەبەرێتی کۆچ و نەهێشتنی کۆچی نایاسایی و دامەزراندنی هاوبەشی لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە کۆچیان لێوە دەکرێ یان ئەوانەی کۆچبەران بۆ گەیشتنیان بە وڵاتانی ئەورۆپا پێیانەوە تێپەڕ دەبن. ئامانجیش دانانی ڕێوشوێن و مەرجی کاریگەرترە بۆ بنیاتنانی سیاسەتی پەنابەری باشتر بۆ ئەوەی لە دەرەوەی یەکێتی ئەورۆپا داوای پەنابەری بکەن. ساڵی رابردوو ٢٢٠ هەزار داوای پەنابەری لە دەرەوەی وڵاتانی یەکێتی ئەورۆپاەوە پێشکەش کراون، کۆچکردن دەبێ بەو پێوەرە بێ کە ئەورۆپا توانای وەرگرتنی پەنابەرانی لە بازاڕی کارکردندا هەبێ، لە جیاتی ئەوەی هانی خەڵک بدرێ کە روو لەئەورۆپا بکەن، پێویستە ژمارەی پەنابەران کۆنترۆڵ بکرێ،.

سارکۆزی دووپاتی کردەوە کە ڕێککەوتنەکە بەرژەوەندی گەلان لەبەرچاو دەگرێ، بەتایبەتیش درواسێکان و پیرۆکردنی سیاسەتی کۆچ و تێکەڵاوکردنی پەنابەری، واتە ڕێگری کردن لە پێدانی مافی مانەوەی بەکۆمەڵ.

لەلایەکی دیکەشەوە وڵاتانی ئەورۆپا نیگەرانی خۆیان لەبەرانبەر وڵاتی ئیسپانیاو ئیتالیا دیاریکرد کە لەماوەی ساڵانی رابردوودا ڕێگەی مانەوەیان بۆ ٧٠٠ هەزار کۆچبەر خۆشکردووە.

بەیاننامەی سەرکردەکانی وڵاتانی ئەورۆپا جەختی لەسەر سیاسەتی گشتی کۆچبەری کردۆتەوەو هیوای خواستووە لێشاوی کۆچبەران لەگەڵ بەرژەوەندی وڵاتان و کۆچبەرانیشدا بێتەوەو بەڕێوەبردنێکی گونجاو بەخۆیەوە ببینێ. هەر بەگوێرەی پەیماننامەکە، وڵاتان پێبەندی ئەوە دەبن کە کێشەکە لە دانوستاندنی ساڵانەدا باس بکەن و ڕێگەچارەی گونجاوی بۆ بدۆزنەوە.

ڕاستیەکەی ماوەی چەند ساڵێکە کە وڵاتانی ئەورۆپا بە دەست بەرزبوونەوەی ڕێژەی کۆچبەران و لێشاوی پەنابەرانەوە دەناڵێنن، بەوهۆیەوە دووچاری قەیرانی نیشتەجێبوون و دارایی هاتوون، کۆمۆن و شارەوانی هەندێک وڵاتان تووشی تەنگژەی داهات بوونەتەوە، ڕێژەی بێکاری بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، ئەمەش پێویستی بە بودجەی زۆرتر هەیە، ئەگەر باجی سەر کارگەو کۆمپانیا بەرهەمهێنەکان زۆرتر دەکەن، گریمانی ئەوە هەیە کە خاوەنەکانیان بانگی هەرەس و ئیفلاسبوون بدەن و کارگەکانیان دابخەن و سەرمایەکانی خۆیان بۆ ئەمریکاو کەنەداو ئوسترالیاو مالیزیا بگوازنەوە، ئەمەش تەنگژەی ئابووری گەورەتر دەکاتەوە، ئەگەر سنوورێک بۆ هاتنی کۆچبەران و دیاردەی بێکاری دانەندرێ، لەوانەیە لە داهاتوودا کێشەو گرفتەکانی نیشتەجێبوون و دارایی حکومەتی ئەو وڵاتانە هەراسان بکات.

ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە کە ئێستا وڵاتانی ئەورۆپا بەرنامەڕێژی بۆ دوو دیاردە دەکەن کە ئەوان بەمەترسی بۆ سەر داهاتووی خۆیان لێکیان دەدەنەوە، یەکەمیان بەرزبوونەوەی ڕێژەی کۆچبەری نەخوێندەوارو بێ بڕوانامەیە، دوەمیان زۆربوونی ڕێژەی موسڵمانانە.

لەلایەکی دیکەشەوە لەوەتەی ژمارەیەک وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ئەورۆپا لە یەکێتی ئەورۆپا وەرگیراون، ڕێژەی کۆچکردن لەو وڵاتانە بۆ وڵاتانی خۆرئاوای ئەورۆپا رووی لە زیادبوون کردووە، ئەمەش هاندەرێکە تا وڵاتانی خۆرئاوای ئەورۆپا هێندە پێویستیان بە کرێکاری ئاسیایی نەبێ، لەسەرێکەوە زۆربەی ئەوانەی لە وڵاتانی کیشوەری ئاسیاوە روو لە ئەورۆپا دەکەن موسڵمانن و ئاستی خوێندەواریان نزمە، ئەمەش ئەرکی حکومەت و شارەوانیەکان قورستر دەکاتەوە، بەتایبەتیش لە دوای کارەساتی یازدەی ئەیلولی ٢٠٠١ ناحەزی لەبەرانبەر موسڵمانانداز زیادی کردووە، زۆرینەی ئەورۆپیەکان بەچاوی گومانەوە لە داهاتووی وڵاتەکانیان دەڕوانن، دووچاری ترس و نیگەرانی هاتوون، بەتایبەتیش بەرزبوونەوەی ڕێژەی مزگەوت و حوسەینیەکان لە شارو شارۆچکەکانی ئەورۆپا دا ترس و نیگەرانیەکانی ئەوانی بەرزتر کردۆتەوە، ئەوان لەکولتوری هاتوو دەترسن و پێیانوایە کە لە داهاتوودا ڕێژەی موسڵمانان لە ڕێژەی مەسیحیەکان زیاتر دەبێ، چونکە خێزانە موسڵمانەکان حەز بە منداڵی زۆر دەکەن و مەسیحیەکانیش بەرەو هەڵوەشانەوەی خێزان ڕۆیشتوون و ڕێژەی لەدایک بوون لەنێویاندا کەم بۆتەوە، ئەمەش وا دەکات کە لە داهاتوویکی نەچەندان دووردا موسڵمانەکان ببن بە زۆرینەو کاریگەری لە سەر شێوازی حوکم دابنێن و ئەوەی لە رابردوودا بەرهەم هاتووە، هەڵیتەکێنن و بیگۆڕن.

وڵاتانی ئەورۆپا دەیانەوێ خۆیان لە پرنسیپی پەنابەری بدزنەوە، چونکە لە ژێر گوشاری جەماوەر دان، تەنانەت خەریکە هەستی دەمارگیری و نەتەوەپەرستی دەست پێدەکاتەوە، وێڕای ئەوەی کە ڕێکخراوە چەپ و سۆسیالیستی و جیهانگیری و ڕێکخراوەکانی مرۆڤدۆستی رووبان لە زیاد بوون کردووە، بەڵام دیسانیشەوە بەهۆی تەنگژەو قەیرانەکانی ئابووریەوە وردە وردە کاریگەریان کەمتر دەبێتەوەو ناتوانن وەڵامی ئەو هەموو پرسیارە بدەنەوە کە ڕۆژانە لێیان دەکرێ، بەتایبەتیش کاتێک باس لە تیرۆری نێودەوڵەتی دەکرێ، یەکسەر پەنجەی تۆمەت بۆ موسڵمانان رادەکێشرێ،

ئێستا دوو بەرەی دژ بەیەک لە ئەورۆپادا لە رکابەری دان، یەکەمیان چەپ و سۆسیالیستەکانن و دەیانەوی جیاوازی ڕەگەزی و پێستی و زمانی نەهێڵن و وەکهەڤی بۆ هەمووان مسۆگەر بکەن، لەم روانگەیەشەوە پێشوازی لە دیاردەی کۆچکردن و پەنابەری دەکەن، بەڵام دووەمیان کە ناسیۆنالیست و دەمارگیرەکانن پێیانوایە کەئەگەر ڕێگری لە لێشاوی کۆچکردن نەکرێ، ئەوە لە داهاتوویکی نزیکدا کیشوەری ئەورۆپا سیمای خۆی لەدەست دەدات، بۆیە بانگەشەی دیموکراتیزەکردنی وڵاتانی ئاسیایی، بەتایبەتیش وڵاتانی ئیسلامی دەکەن، ئەوان پێیانوایە کە ئەگەر وڵاتانی ئاسیایی و وڵاتانی ئیسلامی هەنگاوی بەرەو دیموکراتیزەکردن بە پشتیوانی ئەورۆپا هەڵبگرنەوە، هەم کرانەوە لە هزری خەڵکەکەی پەیدا دەبێ، هەمیش پاساوی دیاردەی کۆچکردن نامێنێتەوە.

ئێستا کە سەرکردەکانی یەکێتی ئەورۆپا راشکاوانە باس لە ڕێگری کردن لە کۆچی نایاسایی دەکەنەوەو باس لە پەیداکردنی کرێکاری شارەزاو لێزان دەکەنەوە، بەواتای ئەوەیە کە دەیانەوێ سنوورێک بۆ کۆچی موسڵمانان دابنێن،

ئێستا کاڵایی هەرزانی وڵاتانی ئاسیایی خەریکە بازاڕی وڵاتانی ئەورۆپا داگیر دەکات، ئەگەر ڕێژەی مرۆڤی پێست زەردو پێست رەشیش لە کیشوەری ئەورۆپا لە ڕێژەی مرۆڤی پێست سپی بەرزتر ببێتەوە، ئیدی ئادگاری کیشوەری ئەورۆپا دەگۆڕێ، ئەمەش وایکردووە کە سەرکردەکانی وڵاتانی ئەورۆپا بەدوای ڕێگەچارەیەک دا بگەڕێن و لەژێر پاساوی ڕێگەگرتن لە دیاردەی کۆچی نایاساییەوە ئەم خواستەیان جێبەجێ بکەن.

پەیماننامەی وڵاتانی ئەورۆپا بۆ ڕێگەگرتن لە کۆچی نایاسایی و گەڕان بە دوای کرێکاری شارەزا، زەنگێکە دەبێ موسڵمانان پێوانەی بۆ بکەن، چیتر بەختی خۆیان لەڕێگەی گەیشتن بە ئەورۆپا تاقی نەکەنەوە، زۆر گرنگ و پێویستە کە گەنج و لاوانی کوردستان بە باشی گوێ لەو زەنگە بگرن و چیتر پشت لە نیشتمانەکەیان نەکەن و بەرەو ئەورۆپا سەر هەڵنەگرن. بەتایبەتیش کە ئێستا وڵاتانی ئەورۆپاو ئەمریکا دووچاری قەیرانی ئابووری هاتوو، هەندێک لە چاودێران پێیانوایە قەیرانی بازاڕی سەرمایەداری واتای هەرەسی سیستەمی سەرمایەداری دەگەیەنێ و زۆر پێویستیشە کە شارەزایانی ئابووری بە دوای سیستەمی تێکەڵاوی سەرمایەداری و سۆسیالیستیدا بگەڕێن.

ئاکۆ مەجید

مالکی داوای لیژنەیەک بۆ چاودێریکردنی سنووری عێراق- تورکیا دەکات

لە چاوپێکەوتنێکیدا لە گەڵ ڕۆژنامەی **تایمز**ی بەریتانیدا، نوری ئەلمالکی سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕایگەیاندووە کە شاری کەرکوک خاوەن ڕەوشێکی تایبەتە، دەبێ وەک هەرێمێکی تایبەتیش سەر بە حکومەتی بەغداد بێ و لە دەرەوەی سنووری هەرێمی کوردستاندا بمێنێتەوە.

نوری ئەلمالکی گوتویەتی: 'ئێستاکە شاری کەرکوک لە ژێر کونترۆڵی کوردەکاندایە، هەبوونی هەر هێزێکی چەکداریش لەو شارەدا بەبێ بڕیاری بەغداد، وەک هێزێکی میلیشیا مامەڵەی لە گەڵدا دەکرێ' ئەمەش واتای ئەوەیە کە حکومەتی مالکی لەگەڵ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دانیەو پلانی هەیە تا پارێزگای کەرکوک بکات بە هەرێمێکی سەربەخۆ. بێگومان ئەمەش لەلایەن کوردستانیانەوە رەت دەکرێتەوە، کوردستانیان و هێزە سیاسیەکانی کوردستان لەخەمی ئەوەدان کە ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکرێ، بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەی ناوچە جێناکۆکەکانیش ریفراندۆم بەڕێوەبچێ، بەڵام ئەم لێدوانەی مالکی پێچەوانەی دەستوورو دژ بە خواستی کوردستانیانەو دەبێ بەرەنگاری لەگەڵدا بکرێ.

لەلایەکی دیکەوە نوری ئەلمالکی لە پەیوەندیەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ ڕەجەب تەیب ئەردوغانی سەرۆک وەزیرانی تورکیادا داوای کردوە لێژنەیەکی ٣ قۆڵی بۆ چاودێرکردنی سنوورەکانی عێراق لەگەڵ تورکیا پێکبهێنرێ. ئەو لێژنەیە لە بەرپرسیارانی ئەمریکی، تورکی و عێراقی پێک بێ.

بەگوێرەی زانیاری ئاژانسەکان، مالکی لە داواکاریەکەیدا بە هیچ شێوەیەک باسی لە حکومەتی هەرێمی کوردستانی نەکردوە. لەم بەستێنەدا هەندێک لە چاودێران پێیانوایە کە پێکهێنانی ئەو لیژنەیە بەو شێویە واتای دوورخستنەوەی هەرێمی کوردستان دەدات، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش پێی رازی نابێ، چونکە بەو شێوەیەی کە پێشنیار کراوە، لیژنەکە راستەوخۆ ئەرکی چاودێریکردنی سنووری هەرێمی کوردستانی لەگەڵ تورکیا لەئەستۆ دەبێ، ئەمەش کاتێک جێبەجێ دەکرێ کە یەکەیەکی سوپای عێراق بچێتە سەر سنوورو بیپارێزێ.

پێشنیارەکەی مالکی هیچ بنەمایێکی یاسایی نیە، دەبوایە داوای لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بکردبایە تا نوێنەری خۆیان بۆ ئەو لیژنەیە دیاری بکەن، دەنا خۆیشی دەزانێ کە سوپای عێراق بەبێ مۆڵەتی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ناتوانێ بچێتە سەر سنوور. ئەمەش بەڵگەیەکی روون و ئاشکرایە، چونکە لەماوەی رابردوودا کەیەکەکانی سوپای عێراق ویستیان بچن بۆ نێو شاری خانەقی ڕێگەیان لێگیرا، لە جەلەولاو قەرەتەپەو جەبارەش رووبەڕووی گرفت بونەوە.

بێگومان ئەگەر مالکی بیەوێ کە دەستەڵاتی ناوەند بەهێز بکاتەوەو گشتگیرانە رەفتار بکات، رووبەڕووی گرفت دەبێتەوە و کابینەکەی بەرەو هەڵوەشانەوە دەڕوات. ئەگەر نوری ئەلماکی عێراقێکی فیدراڵی پەسند دەکات، دەبێ بەر لە هەر پێشنیار و بڕیارێک رای هەرێمی پەیوەنددار وەربگرێ، بەڵام ئەم رەفتارەی مالکی لەگەڵ بنەماکانی دەستووری فیدراڵیدا یەکناگرێتەوە، بەوهۆیەشەوە سەرکەوتوو نابێ.

حکومەتی ئەنکارا لە یەکلایی کردنەوەی کێشەی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان ناکام ماوەتەوە، توانای پاراستنی سنووری وڵاتەکەی لەدەست داوە، بۆیە بەدوای پەڵپ و بیانۆ دەگەڕێ و دەیەوێ لەڕێگەی ئەمریکای هاوپەیمانیەوە سیناریۆو پیلانەکانی خۆی دژ بە هەرێمی کوردستان بەڕێوە بکات.

سەرانی ئەنکارا بۆ خۆدزینەوە لە چارەسەکردنی کێشەی باکووری کوردستان دەیانەوێ سوود لە رەوشی عێراق و تەنگژەکانی نێوەخۆی ئەمریکا وەربگرن، ئەنکارا مەبەستیەتی بازنەی دوژمنایەتی لەگەڵ کورد بەرفراوانتر بکات، ئەمریکاو بەغداد تێوە بگلێنێ، لەوانەیە کاتێکی لەباری هەڵبژاردبێ، بەڵام شەڕکردن لەگەڵ پارتیزانەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لەنێو چیا سەرکەشەکانی کوردستاندا ئاسان نیە، هەربۆیەش پێشنیارەکەی مالکی بۆ پێکهێنانی لیژنەیەک بە نەخۆشی لە دایک بووەو کاریگەری ئەوتۆش لە سەر رەوشی کوردستان دروست ناکات.

نوری ئەلمالکی ئەگەر دەیەوێ لە تەنگژەو گێژاوەکانی نێوەخۆی عێراق دەربازی ببێ، دەبی بۆ ئاشتەوایی نیشتمانی بگەڕێتەوەو هەنگاوی کردەیی هەڵبگرێتەوە، بێگومان بۆ هەموو جیهان ئاشکرایە کە سوپای عێراق نەت توانای پاراستنی سنووری تورکیای نیە، بەڵکو توانای ئەوەی نیە کە بەغدادی پێتەختیش بپاریزێ، بەڵگەش زۆری ئەو کردەوانەیە کە تیرۆریستان بەبەردەوامی لەنێو بەغدادو شارەکانی دیکەی عێراق دا ئەنجامی دەدەن.

نوری ئەلمالکی بەو لێدوان و پێشنیارانەی، خۆی لەبەرچاوی کورد رەشتر دەکات، کێشەی زۆرتر بۆ خۆی و کابینەکەی دروست دەکات، بەوهۆیەشەوە هەستی نیشتمانپەروەری لەنێو کوردستانیاندا بەهێزتر دەکاتەوەو وایان لێدەکات کە سێرە لە هەنگاوو کردارەکانی بگرن و بە پارێزەوە رەفتاری دەگەڵ دا بکەن.

لەم پێوەندەداو بۆ پوچەڵکردنەوەی پیلانی ناحەزانی نەتەوەکەمان، دەبێ هێزە سیاسیەکانی کوردستان و نیشتمانپەروەران چاوکراوەتر بن و لێبڕاوانەتر لە دەوری گوتارێکی کوردستانیدا کۆببنەوە، بەهەموو هێزێکیانەوە پارێزگاری لە حکومەتی هەرێم و دەستەکەوتەکانی گەلەکەمان دا بکەن.

بۆ پتەوو بەهێزکردنی سەنگەری کوردستانی قۆناغەکە وادەخوازی کە بیر لە پێکهێنانی کۆنفرانس یان کۆنگرەیەکی نیشتمانی کوردستانی بکرێتەوە، ئەگەر ڕێگە لە بەڕێوەبردنی کۆنفرانسی کوردستانی نەگیرابوایە کە بڕیاربوو لە نێوەڕاستی ئەم مانگەدا لە شاری هەولێر بەڕێوەبچێ، لەوانەبوو ئەو کێشانەو دەیان کێشەی دیکەش باسیان لێوە بکرابایەو ڕێگەچارەیان بۆ بدۆزرابایەوە.

شەماڵ کوردستانی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com